# بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەعێراق: چەند ڕێگایەکی جیاواز بە ئامانجی دەوڵەتێکی مەدەنی و دادوەریی کۆمەڵایەتی

## پێشەکی:

خۆپیشاندانێکی گەورە روویدا لە عیراق, لە ٢٥ی شوباتی ٢٠١١, وە بەردەوام بوو بە هەڵکشان و داکشانەوە تاکوجەماوەرێکی بەرفراوانی بە خۆیەوە بینی لە ٣١ی تەموزی ٢٠١٥ دا. ئەم خۆپیشاندانە زۆربەی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی گرتەوە، وە بووە هۆی راکێشانی گەنجان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ئەمانە نموونەیەکن بۆ دەستەواژەی "بزوتنەوەی تازەی کۆمەڵایەتی" ، ئەم بزووتنەوەیە لە بزوتنەوەی خوێندکارانەوە لە فەرەنسا سەریهەلدا، لە ناوەراستەکانی ساڵی ١٩٦٨ کاتێك خوێندکاران دابەزینە سەر شەقامەکان کرێکاران لە گەڵیدا لە یەکیانگرت. دواتر ژمارەیەکی بەرفراوانی گەلی فەرەنسی وەلامیان دانەوە بەشێوەیەکی رێکخراو جیهانیان تۆشی سەرسورمان کرد، گرنگییەکی زۆر درا بە بزوتنەوەی تازەی کۆمەڵایەتی کە چالاکییەکانی پەرەی سەند و بلاوبۆوە لەسەر ئاستی وڵاتە جیا جیاکان و جیهان، کۆمەلیك لەبیرمەندان وەستان لەسەر تایبەتمەندییەکان و شێوەکانی، کە تیشك دەخاتە سەر رێکخستنی ئاسۆیی، یەکەی ئامانج، بەرفراوانی چالاکییەکان، وە زۆرینەی بەشدار بووان تێدا وە زۆر دەستەی تر.

بەدەست هینانی دەسەلاتی سیاسی لە ئامانجی نێو کۆشکارانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکەدا نەبوو وەك ئەوانەی کە ئیشی پارتە سیاسیەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیشی دەکرد لەسەر دامەزراندنی ئامرازەکانی کاری سیاسی. راستەوخۆ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان، بە دی هێنانی ئاواتەکانی کە ئەوەش داواکارییەکان بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوانەی کە بریار دەدەن وە هەوڵ دەدەن بۆ کارتێکردن لەبریارداندا، وە هیوایەکە بۆ چەسپاندنی مۆرکێکی دیاری کراو، لەبەشداریکردنی سیاسیدا.

### هۆکارەکانی دروستبوونی بزووتنەوەی خۆپیشاندان لە عیراق:

لە پشت ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتییەی ئیستا لە عیراق دروست بووە قەیرانی سیاسیو ئابووری و کۆمەلایەتییە. گرنگترین رواڵەتەکان قوڵ دەبێتەوە لە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان دابەشبوونی داهات و سەرمایەیە، ئەم بارودۆخە شێواوەی کە عێراقییەکان کەوتونەتە ژێر پریشکەکانییەوە تازەترین وێنەی نارەزایە ، وە بە دیاریکەرێکی ئاشکرا دادەنرێت بۆ رەتکردنەوەی سیستەمی تایەفەگەری (رێباز خوازی)، گەندەڵی و بێزارییان لە پەیرەوکردنی دابەشکردنی دەستکەوتەکان کە بنچینەی بنیات نانی سیستەمی سیاسی و کارگێرییە لە داوی ساڵی ٢٠٠٣، لەکاتێکدا

پەیرەوی گەندەڵی دەکرێت لە دامەزراندنەکانی وڵات بەهەدەردانی سەرمایەی عێراق و وە بوەتە هۆکاری خراپ بوونی باری ئەمنی (ئاسایش) وە کەوتنی سێ بەشی رووبەری عێراق لەژێر داگیرکەری رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش)، وە لەدروستکردنی سوپای گەل و بڵاو بوونەوەی چەك لە دەرەوەی دامەزراوە سەربازییەکانی وڵات.

**سیفەتەکانی دۆزینەوەی بزوتنەوەی نارازی:**

**یەکەم: روونی ئامانج**، هیچ شتێك نەخرایتە پاڵ ئەو خۆپشاندەرانەی بە ئاشکرا داوای چاککردنی سیستەمی سیاسی دەکەن، رزگارکردن لە گەندەڵی، وە پشت بەستن بە ناسنامەی نیشتیمانی لە جیاتی ناسنامە لاوەکییەکان، لە کۆتایدا داوا دەکرێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شارستانی لەسەر بنەمای دادوەری کۆمەڵایەتی.

**دووەم: دووری نیشتیمانی بۆ خۆپیشاندانەکان**: ئەگەر هەموو پارێزگاکانی عێراق یەك بگرن بە قەزاو ناحیە و گوندەکانشەوە بێجگە لەو ناوچانەی کەوتونەتە ژێر کۆنترۆڵی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش)ەوە، هەر وەکو بەڵگەیەك بۆ هاونیشتیمانیبونان ئاڵای عێراقیان بەرز کردەوە بە بێ راگەیاندن، وە رێگایان نەدا بە بەرزکردنەوەی هیچ وێنەیەکی هێما ئاینی و سیاسییەکان.

**سێیەم: سروشتی کۆمەڵی گەل**: ئەمە رەنگدانەوەی یەکگرتنی چالاکوانەکان بوو بە دەرکەوتنی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقی، کرێکارو جوتیار و سەرمایەداران، رۆشنبیران و ژنان لەنێوان بەشدار بوان و چالاکوانەکاندا، هەروەها زۆرێنەی ئامادەبوان گەنج بوون.

**چوارەم: ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی**: ئەو بابەت و داواکارییەکانی کە پەیوەستبوون بەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە زۆر بە روونی پیشاندران لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران و بانگەوازەکانیان بۆ دادوەری کۆمەڵایەتی و دابین کردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی بێکاری و کەم کردنەوەی بۆشایی لەنێوان ئاستەکانی داهات و چارەسەرکردنی وەرگرتنی موچە.

**پێنجەم: رەوایی داواکارییەکانیان**: داواکاریەکانی خۆپیشاندەران بدەستنیشانکراون بە شێوەیەکی تایبەت کە ڕەوایە و گونجاوە بە جەخت کردنەوە لەسەر ژیانی مرۆڤ و مافەکانی و رێزگرتن لە مرۆڤ بون و شکۆداری، ئەو پارەیەی کە

له بودجەی دانراو بۆ پاشەکەوتکردندا هەیە بەسە بۆ دابینکردنی پیداویستی هاولاتی عیراقی ئەگەر سیاسیە گەندەڵەکان دەستی بەسەردا نەگرن.

**شەشەم: هەڵسوکەوتنی ئاشتی خوازانە:** هاونیشتیمانیان داوای بەدیهینانی ماقی ئازادی رادەربرینیان کرد لەرێی رێکخستنی خۆپیشاندانی ئاشتی خوازانە ی بێ توندوتیژی.

**حەوتەم: شێوەی رێکخراوەیی بۆ خۆپیشاندانەکان:** خۆپیشاندەرەکان پەیرەویی شێوەیەکی ئاسۆییان کرد لە خۆپیشانەکاندا، لە رێ ژمارەیەکی زۆر لە لیژنەی رێکخستن. رێکخەری خۆپیشاندانەکان کۆبونەوەیان دەکردو دواتر لە پەرەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بلاویان دەکردەوە، کە دەستدەکرێت بە دیاری کردنی شوێنی خۆپیشاندانەکەو کاتەکەی وە چەند کاتی دەوێت، هەروەها داواکارییە سەرەکییەکان و ئاماژەکان و ووتارەکان.

**داواکارییەکانی بزوتنەوەی ناڕازی:**

خۆپیشاندەران، بەهێزێکی زۆر و پاڵنەرێکی زۆرەوە هاتونەتە دەرەوەو وە هەڵگری داواکارییە ڕەواکانیان کە کورت کراوەتەوە لە سێ خاڵی سەرەکیدا:

١. چاککردنی سیستەمی سیاسی و رزگاربوون لە توندوتیژیی تایەفەگەری (تائفی) (رێبازگەری)، کە بوەتە هۆی قەیران (الازمە) وە بنچینەی خوار کردنی سیستەم و سەرنەکەوتنی، وە کارکردن لە دەستکەوتی بەدیل (جێگرەوە) کە دەوڵەتێکی شارستانی دیموکراتییە، کە لە بنچینەدا هاونیشتیمانیان یەکسانن لە ماف و ئەرکەکانیاندا.
٢. هەڵوێستی روون دژی گەندەڵی، لێپیچینەوەی ستەمکاران و خێراکردن لە رادەستکردنیان بۆ دادگا و بۆ وتنی وتەکانیان، ووتنی ووشەیەکی راست وە دادپەروەرانەو ئازایانە و وە هەرچی پێویست بکات بۆ چاککردنی کێشەکان رزگار کردنیان لە کارتێکردنە سیاسی و رێبازگەریەکان و وە پشتگیری لەسەربەخۆیی کردنی وە دەربرینی دێرێك لەیاسادانەکان و کارە خێراکاندا.
٣. خزمەتگوزارییەکان، کە پێکهاتووە لە گوزەران و ژیانی هاونیشتیمانیان.

لەپێناو بەدیهینانی ئەو داواکارییانە کە بەرزکراونەتەوە بە شێوەیەکی زۆر روون لەرێ هەزاران بانگەوازەو خۆپیشاندان و هاتنە ناو گۆرەپانەکان و شەقامەکان بەتوندی، بەلام هیچ کەمتەرخەمیەکیشان نەکردوە بۆ دەربرینیان بە ئاشتی خوازانە لە خۆشەویستییان بۆ وڵاتەکەیان کە دەیانەویت ولاتەکەیان بەشێوەیەکی پارێزراو جێگیرو پەرەسەندوو ببینن، هاواردەکەن لە پیناو پشتگیریکردنیان بۆ ئەو مەبەستە، وە لە

ململانێکردن بەردەوام بن بەبێ توندوتیژی لە دروستبوونی خۆپیشاندانەکانەوە بە چالاکی و ئارامییەکی بەرچاوەوە، خۆپیشاندەران پابەندبوون بە داواکاریەکانیانەوەوە لەگەل ئەوەی مەترسی و پەستان و رق و هەڕەشەو فراندن و کوشتن لە زیاتر لە شوێنێکدا لەسەریان بوو.

کاری چاکسازی پیویستی ب تیگەیشتنیکی قوول هەیە بۆ مانای راستەقینەی قەیران وە پابەنبوونیکی بە هیز بۆ کۆتا پیهینانی، ئیمە دەبیت ببینە هیزیکی کاریگەر لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا بە بنیاتنانی سیستەمیکی سیاسی لەسەر بنەمای هاونیشتیمانی بوون و سیستمیك کە دووربیت لە هەموو جۆریکی گەندەلی. تەنها ئەو کاتە دەتوانین سیستمیکی حوکمرانیمان هەبیت کە بەرگری بکات لە تیرۆر و دووبارە بنیاتنانەوەو گەشەسەندن

دەستکەوتەکان:

لەرێگای بەدواداچونی میدیایی خوپیشاندانەکانەوە بەشداریکردنی راستەوخۆ تێدا توێژەرەوەکان چەند دەستکەوتێکیان بەدەست هێناوە دەیانەوێت بەم شێوەیە بیخەنە روو:

١. کاریگەرییە نارازییەکانی خۆپیشاندانەکان، ناتوانن هەموو ئامانجەکان داوا سیاسیەکان بە یەکجار بەدەست بهێنن، چونکە گۆرانکاری لە رێگای کاریگەری‌ەکی زۆرەوە دێت لە ریگەی چەند شیوەیەکی جیاوازی نارەزاییو کردارەوە دەبیت. بزوتنەوەکانی ئێستا کە تا ئێستا بەردەوامن پرۆسەیەکی کراوەیە. ئیستا زۆر زووە بۆ بەدەستهینانی دەستکەوتە راستەوخۆ و ناراستەوخۆکانی.
٢. پرۆسەی چاکسازی دەستی پێکردووە وە گرانە بوەستینریت. زۆر گرنگە گورێکی راست وەربگرێت، نە پەلەی تێدا بکریت نە خاوەخاوی تیدابکریت و بزووتنەوەکە هێواش بکریتەوە، لەگەل کردن لەسەر دابینکردن و مانەوە گوری راستی کە ئامانجە ویستراوەکان بەدەست دێنێت.
٣. رێکخراوی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵیاندوە بۆ زیاد کردنی رێکخستن لەسەر هەموو یەکگرتنەکانی بزوتنەوەی خۆپیشاندان و نارەزایی، وە رێکخستنی چالاکییەکان و پارێزگاری لە روویدا بەرەو چاکسازی سیستەم لە رێگای رزگارکردن لە گەندەڵی.
٤. رێکخەرانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوبوون لەکردنەوەی دایالۆگیکی راستەوخۆ و هێمنانە لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئایینی لە نەجەف وە دەرکەوتنی گەنجان روون بوو لە وەفدەکانی هەڵسوراوانی بزوتنەوەکەدا. ئەو دایالۆگە خۆی بینیەوە لە پیکەوە کارکردن و باسکردنی بابەتەکان بە شێوەیەکی دیار تر.

٥. ئەم سیستەمی سیاسیەی ئێستا لەسەر ڕێزباز گەری وەستاوەو پەکیکەوتوە لە پێشکەشکردنی هەردەستکوتێکی ڤایلکەر، لە توانایدا نیە هیچ گەشەیەك بە دەسکەوتیك بدات لەم بارودۆخە تراژیدیا کە جەماوەر تێدا دەژی، لەبەر ئەوە پێویستە خێرا کار بکرێت لە دووبارە دروستکردنەوەی سیستەمی سیاسی لەسەر ڕەزامەندی هاونیشتیمانی.

٦. هۆشیاری لە دروست کردنی دەوڵەتی شارستانی کە پشت ببەستیت بە ڕێسای هاونیشتیمانی لەدروست بونیدا بەرفراوانی بەخۆوە دەبینیت وەك جێگرەوەیەك بۆ بنەمای ڕێبازگەری.

٧. بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکە سەلماندییان کە ئەوان بێلایەنن لە بەرگریکردن لە مافەکانیان وە هەرکەسێکیش بێلایەن نەبێ ئەوا خۆی دەدۆڕێت.

٨. دەرکەوتنی رۆڵی گەنجان و کاریگەرییەکانی توانایان لە کۆکردنەوەی رای گشتی کۆمەڵەی هاونیشیمانیان شتێکی گرنگە، ئەوان ریگە نادەن کە شەقامەکان لە لایەن دروشمی ریبازگەریەوە بەریوەبچیت.

٩. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە لای گەنجان بە گرنگی پێدانی بەشداریکردنی سیاسەتەکانیان بە فراوان کردنی و داواکاریەکانیان بۆ بەدیهینانی دادوەری کۆمەڵایەتی کە بە بەردەوامی چالاکی خۆپیشاندانەکان و نارەزاییەکان و دروستکردنی راپۆرتی تایبەت لە لایەن کەسانی شارەزاو بە ئەزمون کە ئەمانەش وایکرد وا نارەزایی خۆپیشاندەرەکان کرد کە ببێتە شتێکی ئاسایی ترسەکانی شکاندن کە لای هاوڵاتیانی ئاسایی هەبوو.